نووسین و فەیسبووك … بەختیار محەمەد

هەندێك جار لە فەیسبووکدا نووسینەکانمان دەبنە دروشم. واتە لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوەوە لە دروشم نزیك دەبنەوە (یان هەندێ جار لە پەند و قسەی نەستەق): فەیسبووك حەزی لە کورتبڕیە (مەرج نییە کورت و پوختی). بە کورتییەکەی فەیسبووك نووسەر تەنبەڵ دەکا، کە بە نووسینی کورت و دروشماویی ڕازی بێ و واز لە نووسینی ئەدەبی ڕاستەقینە و گوتار و لێکۆڵینەوەی جددیی و ڕاستەقینە بێنێ.

فەیسبووك نەك هەر نووسەری تەنبەڵ، بەڵکو خوێنەری تەنبەڵیش دروست دەکا. ئەو خوێنەرەی تەنها هەواڵ و قسەی هەنووکەیی سەرنجی ڕادەکێشێ، نەك پرسی فیکری و زمان و گوتاری ئیستاتیکی. ڕاستییەکەی ئەوەی لە فەیسبووکدا هەیە پتر بینەرە، خوێنەر نییە. ئەو بینەرەی لە جیاتی عەقڵ و هزر تەنها چاوەکانی بەکار دەهێنێ (کارێکی چێژاویی ئاسان). هەربۆیەش بینەری قیدیۆ و وێنەکان زۆر لە خوێنەری نووسین بە گشتی و نووسینی جددیی زیاترە.

بە کورتییەکەی – پێم وایە – فەیسبووك و لاپتۆپ (کۆمپیوتەر) خەیاڵ (خەیاڵی ئازاد) دەکوژن (یان بەرتەسکی دەکەنەوە). خەیاڵ پتر دەتوانێ لەگەڵ ڕووپێوی کاغەز (کتێب) دا بەختەوەر و بەرزەفڕ و ئازاد بێ. کاغەز کەشکی هێمنتر بە زەینمان دەبەخشێ. لێرەشەوە باشتر و زیاتر دەتوانین بیر بکەینەوە و خەیاڵ بکەین. واتە دەسەڵاتی تەکنەلۆژیا، سەیروڕەی کاتی کارکردنی دەروون و بیرکردنەوەمان بۆ خۆی داگیر دەکا و قووتی دەدا (تەکنەلۆژیا هەر جەستەمان کۆنترۆڵ ناکا، بەڵکو دەروون و زەین و بیرکردنەوەشمان بۆ خۆی دەبا). لێرەوە ئێمە – بە بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێ – کاتێکی زۆرمان لەناو گەمەکانی دەسەڵاتی تەکنەلۆژیادا بەفیڕۆ دەچێ: بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو هەژموونی تەواوی بەسەرماندا هەیە؛ ئەو هەژموونەی ئازادییەکانمان دەخاتە ناو قووڵایی فەزای خەیەوە؛ کەواتە ئێمە لە شوێنی خەمانەوە، بێ جووڵە و بێ دەنگ ئازادین: فەیسبووك ئازادی گوتەمان پێ دەبەخشێ، بەڵام ئازادی کردارمان لێ دەستێنێتەوە. ئەو ئازادی بە چاومان دەبەخشێ، بەڵام خەیاڵ و بیرکرنەوەمان (لە ڕێی زەمەنی خراپی خەیەوە) کێت و بەند دەکا. بە کورتییەکەی ئەو جەستە و بیرکردنەوەمان (عەقڵمان) دەکاتە موڵکی خۆی. لێرەشەوە ئێمە ئازادین، بەڵام لە زەمەن و شوێنکی

دیاریکراودا، کە ئەویش زەمەن و شوێنی ماددیی دیاریکراوی فەیسبووکە؛ ئەو زەمەن و شوێنەی تەنها لە ژووڕەکانماندا بوونیان هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئازادییە بەرتەسکە دیاریکراوە، دەشێ ئازادی فرەوانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە واقیعی پراکتیکی کۆمەڵگەکاندا بەدوای خۆیدا بێنێ.